وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو
ژمارە: ٥٤١٤ لە ٢٠١٥/٦/٩

پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە یاسای وەزارەتی کشتوکاڵ سەرچاوەکانی ئاو ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠١١ ، بڕیارماندا بە هەموارکردنەوەی ڕێنمایی ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠١١ :-

**ڕێنمایی ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠١٥**
**تایبەت بە هەموارکردنەوەی ڕێنمایی پێدانی مۆڵەتی دامەزراندنی**
**پرۆژەی قارچك ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠١١**

یەکەم: بڕگە (٤) لە ڕێنمایەکە هەموار دەکرێت وە بەم شێوەی خوارەوە:
لەکاتی بەرهەم هێنانی قارچك لەسەر زەوی (أرضي) ، دەبێت ژمارەی هۆڵەکان لە (٦) هۆڵ کەمترنەبێت و هەر هۆڵێك ڕووبەرەکەی (٢٠،٥،٥) مەتر نەبێت ، بەڵام لەکاتی بەرهەم هێنانی قارچك لەسەر ڕەفە (رفوف) ڕێگە دەدرێت بەمەرجێك ژمارەی هۆڵەکان لە (٣) هۆڵ کەمتر نەبێت بەهەمان ڕووبەر وە ژمارەی ڕەفەکان لە (٤) ڕەفە کەمتر نەبێت لەسەر یەك ، لەگەڵ دانان و دابین کردنی تەواوی پێویستی هۆڵەکان لە هەردوو جۆرەکەدا وەك ( کارەبا ، ئاو پرژێنەر ، کونترۆلی پێویست بۆ ڕاگرتنی کەش و هەوای هۆڵەکە و پاقژکردن ڕۆژانە) .
دووەم: ئەم ڕێنماییە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت.

**عبدالستار مجيد**
**وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو**

# رێنمایی ژمارە (٩) ی ساڵی ٢٠١١

## پێدانی مۆڵەتی دامەزراندنی پرۆژەی قارچك

مەبەست لە دامەزراندنی پرۆژەی قارچك ، بەرهەم هێنانی بەرهەمی(قارچك)ە بەشێوەیەکی زانستییانە و تەندروست ، ئامانجیش لەپرۆژەکە بەرهەم هێنان و زیادکردنی بەرهەمی ناوخۆ و بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی و هونەری جوتیاران و وەبەرهێنەرانی ناوخۆ بێت لەو بوارەدا .

### مەرجی پێویست بۆ پێدانی مۆڵەت :

١- دەبێت رووبەری زەوی پێویست بۆ پرۆژەکە لە (١,٥) دۆنم کەمتر نەبێت ئەگەر پرۆژەکە تەنیا یەکەی بەرهەم هێنانی قارچك بگرێتە خۆ .

٢- دەبێت رووبەری زەوی پێویست بۆ پرۆژەکە لە (٢,٥) دۆنم کەمتر نەبێت ئەگەر پرۆژەکە جگە لە یەکەی بەرهەم هێنانی قارچك یەکێك یان هەردوو یەکەی (بەرهەم هێنانی تۆو ) و یەکەی ( بەرهەم هێنانی کۆمپۆست ) بگرێتە خۆ .

٣- پرۆژەکە (٧٥) مەتر لە رێگای سەرەکی و (٢٥٠) مەتر دووربێت لە شوێنی نیشتەجێ بوون و ئاوەدانی .

٤- دروست کردنی بینایەکی تایبەت بۆ بەرهەم هێنانی قارچك کە لە (٦) هۆڵ کەمتر نەبێت و هەر هۆڵێکیش رووبەرەکەی (٢٠ * ٥ * ٥) مەتر کەمتر نەبێت ، لەگەڵ دابین کردنی تەواوی پێداویستیەکانی هۆڵەکان لە (کارەبا ، ئاو پرژێنەر ، رەفە ، کۆنترۆلی پێویست بۆ راگرتنی کەش و هەوای هۆڵەکە و پاکژکردنی رۆژانە ........... هتد) .

٥- ئەگەر پرۆژەکە یەکەی بەرهەم هێنانی تۆوی لەگەڵدا بوو پێویستە دوو هۆڵ دابمەزرێن یەکێکیان بە رووبەری (٥*٧) مەتر کەمتر نەبێت بۆ تاقیگە و دووەمیان بۆ ئامێز ( حاضنة) (١٠*٥) مەتر کەمتر نەبێت .

٦- ئەگەر پرۆژەکە یەکەی بەرهەم هێنانی (کۆمپوست)ی لەگەڵدا بوو گۆرەپانێکی پەسێنراوی هەبێت بە رووبەری (٤٠*٢٥)مەتر کەمتر نەبێت .

٧- پرۆژەکە سەرچاوەی ئاوی پێویستی هەبێت .

٨- پێشکەش کردنی وێنەیەك لە خاوەندارێتی زەویەکە .

٩- رەزامەندی لایەنە پەیوەندیدارەکان وەربگیرێت وەك سەرجەم پرۆژەکانی دیکەی کشتوکاڵی لەگەل وەرگرتنی مۆڵەتی تەندروستی .

١٠-چاندنی چوار دەوری پرۆژەکە بە نەمامی گونجاو ، باگێرەوە (مصدات الرياح)ی بۆ دروست بکرێت.

**جميل سلێمان حيدر**

**وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو**